# ڕۆڵی کارمەندی کۆمەڵایەتی لە کەمکردنەوەی ئاستی مەترسی نیگەرانییەکانی پاراستنی منداڵ

ئومێد ئەنوەر زۆراب [1]
هەستی اسماعیل حەمە شریف[2]
**نووسەری پەیوەندیکار:** ئومێد ئەنوەر زۆراب *

## پوختە
ئەم توێژینەوەیە سەیری ڕۆڵی کارمەندی کۆمەڵایەتی دەکات لە کەمکردنەوەی ئاستی مەترسی و نیگەرانییەکانی پاراستنی منداڵ لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان. توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کارمەندی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ناسینەوەی مەترسییەکان، هەڵسەنگاندنیان، و دانانی پلان بۆ چارەسەرکردنیان.
ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و کارمەندانی کۆمەڵایەتییەکانی لەڕێی پڕۆگرامە جۆراوجۆرەکانی پاراستنی منداڵەوە کاردەکەن بۆ پاراستنی منداڵان لەڕێی دەستنیشان کردنی نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کەیس ،کارمەندانی کۆمەڵایەتی بە بەکارهێنانی شێوازەکارێکی بنەڕەتی و ڕێکخراو، دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر مەترسییەکان بناسنەوە و کەمیان بکەنەوە. هەروەها توێژینەوەکە باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوەکە پێویستی بە بەهێزکردنی توانای کارمەندانی کۆمەڵایەتی هەیە لە ڕێی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پیشەییەوە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی منداڵ.
ئەم توێژینەوەیە شیکارییە بۆ داتای کەیسەکانی پاراستنی منداڵ ئامادە کراوە کە لە ماوەی ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥دا تۆمار کراون.
کۆی گشتی ٤٣٢ کەیس وەرگیراوە بۆ شیکاری لەم توێژینەوەیەدا کە لەلایەن ١٠ کارمەندەوە لە ٩ شوێنی جیاوازدا تۆمار کراون. ئەم شیکارییە ئامانجی پێدانی وێنایەکی تەواو لە بارودۆخی پاراستنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان و ناسینەوەی پێوەرەکانی مەترسی و نیگەرانیە سەرەکییەکانە.
داتاکان پیشانی دەدەن کە زۆربەی کەیسەکان لە ئاستی مەترسی ناوەنددان (٤٦.٠٦٪)، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاوی کەیسەکان لە ئاستی بەرزدان (٢٣.٣٨٪) کە پێویستی بە سەرنج و چارەسەری خێرا هەیە. کەیسەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە سلێمانی و هەولێر سازیاتر بەرچاوبوون لە گروپی تەمەنی ١٤-١٧ ساڵ.[١]چڕبوونەتەوە، منداڵانی گروپی تەمەنی ١٠-١٣

**کلیلە ووشەکان:** کارمەندی کۆمەڵایەتی، نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ ، ئاستی مەترسی ، هەنگاوەکانی بەڕێوەبردنی کەیس

## 1.پێشەکی
بەرنامەی پاراستنی منداڵ لە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە بە ئامانجی پاراستنی مافەکانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ. ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کاردەکات بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی پارێزراو بۆ هەموو منداڵێک، دوور لە هەموو جۆرەکانی تووندوتیژی و ئستغلال کردن بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ منداڵێک مامەڵەی خراپ لەگەڵ ناکرێت.
پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ و هەموو ئەو یاسا و ڕێککەوتننامانەی پەیوەستە بە مافەکانی منداڵان بنەمان بۆ هەموو پڕۆژە و چالاکییەکانی بەرنامەکە.

لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا، ستراتیژی بەکارهێنراو لە پڕۆژە و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەدا بریتییە لە کارکردن لەسەر پڕۆژەی چاودێری و پاراستنی منداڵی ئیشکەر وبەڕێوبدرنی کەیس و پڕۆژەی گرتنەخۆ و پڕۆژەی هێڵی فریاکەوتنی منداڵ (١١٦) و پڕۆژەی پاراستن و پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی پەنابەر بە هەماهەنگی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران.[٢]
هەرچەند نیگەرانی لە زمانی ڕۆژانەدا بە واتایەکی جیا بەکاردێت، بەڵام لە فەرهەنگی ڕێکخراوەکاندا کە کار لەسەر پاراستنی منداڵ دەکەن و بە ووردتر نیگەرانییەکانی پاراستن، ئەم ووشەیە لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە هەموو Protection Concerns)ی ئەو گرفتانە دەگرێتەوە کە کار دەکەنە سەر منداڵ بەشێوەیەکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

پرسیارەکان شیکاری ناوەڕۆک بووە کە بەهەمان شێوە میتودی چەندێتییە.
ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دیاریکردنی خاڵە بەهێزەکانی کارمەندی کۆمەڵایەتی لە کەم کردنەوەی ئاستی نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ لە چوارچێوەی پۆلیسی(Policy) ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستاندا دیاریکردنی ئاستەنگیەکانی کارمەندی کۆمەڵایەتی و بەمەبەستی خستنەڕووی ئاستەنگیەکان و پێشنیاری چارەسەرەکان بۆ ئەو ئاستەنگییانەی کە کە لە توێژینەوەکەدا دەردەکەون.

**١.١- کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی پاراستنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان دادەنرێت. زۆرێک لە منداڵان لە ژیاندا ڕووبەڕووی دۆخی (توندوتیژ، هەژاری توندی خێزان، کارکردن، بێ سەرپەرشت و هتد..) نیگەرانیە جۆراو جۆرەکاندا دەبنەوە، ئەمە هۆکاری زیادبوونی نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ و مەترسیەکانییەتی، بۆیە پێویستە بواری پاراستنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کەیس و کارە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی باشتر گرنگی پێ بدرێت.
کارمەندانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە و کەمکردنەوەی ئاستی مەترسی و نیگەرانییەکانی پاراستنی منداڵ. بەڵام لە هەمان کاتدا، زانیاری و توێژینەوەی زانستییە ورد و پێویست نیە بەوەی کە کارمەندی کۆمەڵایەتی چۆن کاریگەری هەیە لەسەر کەم کردنەوەی نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ، بۆیە بە گرنگمان زانی کە توێژینەوەیە بکەین لەسەر ئەو پەیوەندییەی کە توانای کارمەند و ئەزموون و ئەو خولانەی وەری گرتووە ڕ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر شێوازی مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنی کەیس لەلایەن کارمەندەکە بەشیوەیەکی بەردەوام.

**٢ .ئامانجی توێژینەوە:**

**ئامانجی گشتی:**
دەرخستنی کاری ڕۆڵی کارمەندانی کۆمەڵایەتی لەسەر کەمکردنەوەی نیگەرانی و مەترسیەکانی پاراستنی منداڵ ،لە ڕێگای دەرخستنی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی کەیس لە ڕێکخراوەکەدا.

**ئامانجی تایبەتی :**
١- دیاریکردنی جۆری نیگەرانیەکان و ئاستی مەترسی کەیسەکان گۆڕاوەکانی شوێن ، کات و توانستی بەڕێوەبەرانی کەیس.
٢- پەیوەندی نێوان شارەزای کارمەندی کۆمەڵایەتی لەڕووی پسپۆڕی و ئەزمونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان.
٣- ناساندنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری کارمەندی کۆمەڵایەتی لەسەر پاراستنی منداڵان زیاتر یان کەمتر دەکات.

نەرێنی و پێویستی دەستێوەردان لەلایەن ڕێکخراو و لایەنە [٣].حکومییەکان دەبنە پێویست تیایدا
بەپێیەی لە ساڵی ١٩٩١ تا کاتی ئەم توێژینەوەیە کە ٢٠٢٥ بە بەردەوامی ئەم بەشە کاری کردووە، هەموو ئەو حاڵەتانەی کە کارمەندەکان لەم مەودایەدا کاریان لەسەر کردووە بە سیستمی جیاواز تۆمار کراون و هەڵگیراون وەک بەڵگە لەسەر کارنامەی کارمەندەکە، ئێستاکە کارمەندان بە سیستمی ( Child Protection Information Management System Plus (CPIMS+)) کە سیستمێکە تیایدا داتای کەیسی منداڵ بەشێوەیەکی سەلامەت و ئەلیکترۆنی تۆمار دەکرێت و هەموو نیگەرانییەکان بە ڕێکاری تایبەت کاری لەسەر دەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەری کەیسەکان و کارمەندە کۆمەڵایەتییەکان.
ئەم سیستمە یاریدەدەرە بۆ هەڵگرتنی داتای ورد لەسەر کەیسەکان وەک تۆمار، بە هەلمان زانی کە ئەم داتایانە تەنها وەک تۆمارێکی ساده نەمێننەوە، بەڵکو لەڕێی ئەم توێژینەوەیەوە بتوانین کاری لەسەر بکەین و بەرچاوڕوونیمان باتێ لەسەر جۆرێتی کەیسەکان خودی خۆیان، هەم توانای کارمەندان و ڕەگەز و ئەزموونیان چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر توانایان لە کەمکردنەوەی ئەو نیگەرانی و مەترسییانەی لەسەر منداڵ هەن، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کارامەیی کارمەند و پێوەرەکانی خۆی لەسەر بەڕێوەبردنی کەیس.
کارمەندی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت؛ چونکە ئەوان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کارکردن لەگەڵ خێزان، منداڵ و کەیسی پاراستن، بەهێزترین دەنگ و پەیوەندین بۆ کەمکردنەوەی مەترسی و نیگەرانییەکانی پاراستنی منداڵ.
ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە بە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی کارمەندانی کۆمەڵایەتی لە کەمکردنەوەی مەترسی و پاراستنی منداڵ و ئەو بازنەیەی کە کارمەند دەتوانێت کاری تێدا بکات.

**١- چوار چێوەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندێتییە کە لە ئاستی سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دراوە.
ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بەدەستهێنانی زانیاریە گونجاوەکانە لەسەر ئاستی دیاریکردنی ڕۆڵی کارمەندی کۆمەڵایەتی و کەم کردنەوەی نیگەرانی مەترسیەکانی منداڵ لەسەر ئاستی سنووری هەرێمی کوردستان/عێراق کە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان کاری تێدا کردووە لە بەرواری ( ٢٠٢٥/١/٢بۆ ٢٠٢٥/١٢/٣١).
هەروەها لەڕێی پرسیارنامەیەکی کراوەوە لەگەڵ کارمەندانی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان شیکارییەک کراوە بۆ داتاکانی کە خۆیان کاریان لەسەر کردووە، شیکاری بۆ وەڵامی

پاشان شیکاری وەڵامی پرسیاری کراوە بۆ دەستکەوتنی داتا لەسەر ئاستی کارمەندەکان و بنەمای تایبەت بە خۆیان لە بەڕێوەبردنی کەیسا، هەروەها دانانی پێوەرێک بۆ شیکارییەکە لەسەر بنەمای (کارامەیی، ئەزموون، بروانامە، ژمارەی کەیس، چارەسەری کێشەکان).

هەموو داتان بە خشتە دانراون و پاشان سەرنجی خۆمان وەک تۆژەر لە خوارەوە لە شیکردنەوەی داتاکەدا، بەو پێیەی هەموو داتاکان لەڕێی پرسیارنامە و خشتەی کەیسەکان وەرگیراوە لە ساڵی ٢٠٢٥، میتودی چەندێتی باشترین بژاردەبوو بۆ ئەم تۆژینەوەیە.

### ١.٦- چەمکەکان:

**چەمکە گشتییەکان:**

کارمەندی کۆمەڵایەتی: کەسێکی کارامە و ڕاهێنراوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی، بە بەکارهێنانی بنەمای زانستی و ئەخلاقی، یارمەتی کەس و خێزان و کۆمەڵگەکان دەدات بۆ چاکسازی و بەهێزکردنی توانای ژیان[٤].

ئاستی مەترسی: بریتییە لە ڕادەی ئەگەری ڕوودانی زیان بۆ منداڵ و قورسایی ئەو زیانەی کە لەوانەیە ڕووبدات. ئاستی مەترسی لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی وردی دۆخی منداڵ، هۆکارەکان، خاڵە لاوازەکان و ئەو هەڕەشانەی کە هەنووکەیین بوونیان هەیە دیاری دەکرێت، و ئەم ئاستی مەترسییە ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنە دیاری دەکات چەندە پێویستە بە خێرایی و بە چ جۆرە دەستێوەردانێک[٥] وەڵام بدرێتەوە لەلایەن کارمەندی کۆمەڵایەتی.

پاراستنی منداڵ: بریتیە لە نەهێشتن و بەدەنگەوەچوونی خراپ مامەڵە و پشتگوێخستن و چەوساندنەوە و تووندوتیژی کە بەرامبەر بە منداڵان دەکرێت.

نیگەرانییەکانی پاراستنی منداڵ: نیگەرانییەکانی پاراستنی منداڵ ئاماژەیە بۆ هەر بارودۆخ یان ڕووداوێک کە دەتوانێت تەندروستی، ئارامی دەروونی و کۆمەڵایەتی، یان پێشێلکردنی مافەکانی منداڵێک بەپێی چارچێوەی یاسایی مافەکانی منداڵ لە جیهان. ئەم نیگەرانییانە بە شێوەی گشتی ئەم کێشانە لە خۆ دەگرن وەک تووندوتیژی جەستەیی، سێکسی و دەروونی؛ فەراموشکردن و نەگەیشتن بە پێداویستیە بنەڕەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژی ناوخێزانی یان کۆمەڵایەتی، منداڵی ئیشکەر، ئەو کردارانەی کە منداڵان لە مەترسی نزیک دەکاتەوە وەک هاوسەرگیریی پێشوەختە و تێکچوونی تەندروستی جنسی، بەتایبەتی لەو ناوچانەی لە جەنگ و کێشەدان[٦].

پۆلێنکردن و پێناسەی نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ[٧]

١- منداڵانی پەیوەست بە هێزە چەکدارەکان یان کۆمەڵە چەکدارەکان:

هەر کەسێکە کە تەمەنی لە خوار 18 ساڵیدا بێت کە لە لایەن هێز یان کۆمەڵەیەکی چەکدار بەسەرباز کرابێت یان بەکاربهێنرێت، جا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ستراتیژیە ٤- پێشنیازکردنی زانستییەکان بۆ باشترکردنی ڕۆڵ و کاریگەری کارمەندانی کۆمەڵایەتی لە بواری پاراستنی منداڵ.

### ١.٣- گرنگی تۆێژینەوە:

ئەم تۆێژینەوەیە گرنگە بۆ:

١- پێشنازکردنی چارەسەرەکان: ڕوونکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە و نیگەرانییەکانی پاراستنی منداڵ لەسەر بنەمای دەرکەوتەکان کە لەڕێی داتاکانەوە دەستمان دەکەون.

٢- خستنەڕووی ئاستەنگیەکان کە بەپێی شوێن و کاتەکان دەردەکەون بۆ دروستکردنی ڕاسپاردە بۆ کارمەندە کۆمەڵایەتیەکان و چارەسەرکردنی نیگەرانییەکان.

٣- دەستنیشانکردنی پەیوەندی دۆخی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی مەترسییەکان بەپێ ناوچە و کات و خستنەڕووی ئەم گۆڕانکارییانە و گەڕان بۆ هۆکارەکان.

٤- خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە بنەچەییەی لەنێوان ئەزموونی کارمەند و پێشینەی ئەکادیمی/ دنیابینی کارمەندی کۆمەڵایەتی بەسەر جۆری ئەو کەیسانەی کاریان لەسەر دەکات.

٥- بەردەوامبوونی ڕێکخراو لە نوێکردنەوەی خۆیدا بە پشتبەستن بە ئەزموونی پێشووی خۆی.

### ١.٤- کۆمەڵگەی تۆێژینەوە:

کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە ئەو منداڵانە و خێزانانەی لەخۆ دەگرێت کە لە ماوەی ٢/١/٢٠٢٤ بۆ ٣١/١٢/٢٠٢٥ لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان تۆمار کراون و خزمەتگوزاری وەرگرتوون. بەپێی داتاکانی بەرنامەی CPIMS+، کۆی گشتی کەیسە کە (٤٣٢) کەیسە کە (٢٦٩) منداڵی نێر و (١٦٩) منداڵی مێی لەخۆ گرتووە. ئەم کۆمەڵگەیە سێ بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: (٣٢٣) خانەخوێ، (٦٦) ئاوارە، و (٤٣) پەنابەر. ئەم پێکهاتەیە وێنەیەکی فراوان و نوێنەرایەتی پێ دەدات لە جۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و تەنها ئەو کەیسانە وەرگیراون کە ڕەزامەندییان داوە بە هاوبەشپێکردنی زانیارییەکانیان بە مەرجێک زانیارییەکە زیان نەگەیەنێت بە بە باری کەسێتییان، هەروەها ڕەزامەندی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان وەرگیراوە بۆ وەرگرتنی داتاکان.

### ١.٥- میتۆدی تۆێژینەوە:

ئەم تۆێژینەوەیە میتۆدی چەندێتییە لەسەرەتادا شیکاری ئەو داتای ئەو کەیسانەیە کە لەڕێکخراوی منداڵپارێزیکوردستان بەڕێوەبردنیان بۆ ئەنجام دراوە لە ساڵی ٢٠٢٥ کە بەسیتمی CPIMS+ بەڕێوەچووە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ و ئاستی مەترسیەکان ئەنجامدراوە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

**٨- منداڵانی بەرکەوتوو لەگەڵ یاسا:** زاراوەیەکی گشتییە هەموو ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە بەرکەوتنیان لەگەڵ سیستەمی داد هەیە. ئەم زاراوەیە، قوربانی و شایەتحاڵ و تاوانبارانی منداڵ دەگرێتەوە.

**٩- ڕزگاربووانی منداڵ:**
هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە تەمەنی لە خوار 18 ساڵیدا بێت و ڕووبەڕووی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بووبێتەوە. دەکرێت زاراوەکانی "قوربانی" و "ڕزگاربوو" لەبری یەکتر بەکاربێن، هەرچەندە زاراوەی "قوربانی" بە شێوەیەکی گشتی، وا باشە لە کەرتە یاسایی و پزیشکییەکاندا بەکاربێت و زاراوەی "ڕزگاربوو" لە کەرتەکانی پشتیوانیی دەروونی - کۆمەڵایەتیدا بەکاربێت. لێرە، بە درێژایی ڕێکارە یەکخراوەکانی کارکردن، ئێمە زاراوەی "ڕزگاربووانی منداڵ" بەکاردێنین.

**١٠- سزای جەستەیی:** بەکارهێنانی هێزی جەستەیی وەك ئامرازێکی تەمێکردن کە ببێتە هۆی ئازاردان، هەروەها بریندار بوون.

**١١- تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی:** زاراوەیەکی چەترییە بۆ هەموو کارێکی ئازاربەخش کە لە دژی ویستی کەسێك لەسەر بنەمای جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نێر و مێ (بۆ نموونە، جۆری کۆمەڵایەتی) ئەنجام دەدرێت. ئەم زاراوەیە کۆمەڵێکی فراوانی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، وەکو دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و هەتك کردن و تووندوتیژیی خێزانی و گێچەل و پەلاماری سێکسی و بازرگانی کردن بە ژنان و کیژان و چەندین نەریتی باوی ئازاربەخشی وەکو هاوسەرگیریی بەزۆرەملێ و هاوسەرگیریی پێشوەخت .

١٢- پشتگوێخستن: پشتگوێخستن ئەو کاتە ڕوودەدات کە دایك و باوکان یان ڕاسپێردراوان یان پێشکەشکارانی چاودێری بە مەبەست شکست دێنن لە دابین کردنی پێداویستییە جەستەیی و سۆزی و گەشەییەکانی منداڵ. بۆ نموونە، دابین نەکردنی خۆراك و شوێنی نیشتەجێبوون و جل و بەرگ و خوێندن و پەروەردە و پاکژیی تەندروستی و سەرپەرشتی و دەرفەتی گەیشتن بە چاودێریی پزیشکی بە شێوەیەکی پێویست و تەواو. پشتگوێخستن لەوانەیە ببێتە هۆی زیانی مەترسیداری گەشەپێدانی تەندروستی و جەستەیی و گیانی و هۆشی و ئاکاری و کۆمەڵایەتیی منداڵ.

١٣- منداڵانی بێ سەرپەرشت / ناکامانی بێ سەرپەرشت: ئەو منداڵانەی لە دایك و باوکیان و خزمانی تریان دابڕاون و هیچ کەسێکی گەورە چاودێرییان ناکات، کە نە بە یاسا نە بە نەریت بۆ ئەم جۆرە چاودێرییە بەرپرسیار بێت.

١٤- خراپ مامەڵەی جەستەیی: خراپ مامەڵەی جەستەیی ئەو کاتە ڕوودەدات کە هێزی جەستەیی دژی منداڵ بەکاردێت و دەبێتە هۆی پێگەیاندنی ئازار، یان پێکانی منداڵ کە لێدان و تێهەڵدان و ڕاوەشاندن و خنکاندن و سووتاندن بە شلەمەنی (وەکو ئاوی گەرم) بە هەر شێوازێك بێت، وەکو ئەو منداڵانەی؛ بە کوڕان و کیژانەوە، کە وەکو جەنگاوەر و چێشتلێنەر و کۆڵبەر و دەرگاوان و نامەبەر و سیخوور، یان بۆ مەرامە سێکسییەکان بەکاردێن.

**٢- منداڵانی کەمئەندام:** ئەو منداڵانەی کە بە دەست ئازاری پەککەوتەیی جەستەیی و هۆشی و هزری و هەستیی درێژخایەنەوە دەناڵێنن کە بە هۆی ئاستەنگی جیاجیاوە، دەرفەتی ئەوەیان نابێت بەشداریی کاریگەر لە ناو کۆمەڵدا بکەن وەك منداڵانی تری ئاسایی (پەککەوتەیی هەستی، پەککەوتەیی بینین و بیستن دەگرێتەوە).

**٣- منداڵانی سەر شەقام:** هەر کیژێك یان کوڕێك کە نەگەیشتبێتە تەمەنی باڵغبوون و شەقام بۆ ئەو (بە مانایەکی فراوانتر، خانووی چۆل، یان زەوییەکی چۆل، هتد.) بووبێتە شوێنی نیشتەجێبوون و / یان سەرچاوەکانی بژێوی کە بە شێوەیەکی پێویست و تەواو لە لایەن کەسانی گەورەی بەرپرسیارەوە پارێزگاری و سەرپەرشتی و ڕێنمایی ناکرێت .

- کارکردنی منداڵ: بە شێوەیەکی گشتی، کاری منداڵ هەموو ئەو ٤ منداڵانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە خوار 12 ساڵیدایە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە هەر چالاکییەکی ئابووریدا دەکەن. هەروەها ئەو منداڵانەش کە لە خوار تەمەنی (14 بۆ 16) ساڵیدان و بەشداری لە کاری سووکتر دەکەن. کاری منداڵ ئەو کارانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی هۆشی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە مەترسییان هەیە و زیان بە منداڵان دەگەیەنن. ئەو کارانەش دەگرێتەوە کە ڕێگری لە خوێندنی منداڵان دەکەن. چەمکی کاری منداڵ بەپێی (ڕێکەوتننامەی کەمترین تەمەن، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ژمارە 138) پێناسە کراوە.
یاسای کاری عێراقی تەمەنی 15 ساڵی بە کەمترین تەمەنی کار داناوە و بەشداری کردنی ناکامەکانی لە کاری مەترسیدار قەدەخە کردووە.

**٥- هاوسەرگیریی منداڵ:**
هاوسەرگیریی فەرمی یان نافەرمیی پێش تەمەنی 18 ساڵی.
هاوسەرگیریی منداڵ ڕاستییەکە بۆ کوڕان و کیژان، ئەگەرچی کیژان بە شێوەیەکی نەساز لەمە زەرەرمەندن. ئەم هاوسەرگیرییە بەربڵاوە و لەوانەیە ببێتە هۆی زیان و بێبەشبوون لە ڕەهەندەکانی ژیان. کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری لە عێراق، تەمەنی 18 ساڵییە. لەگەڵ ئەوەشدا، دادوەران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەتوانن ڕێگە بە هاوسەرگیریی کەسانی سەرووی 15 ساڵی بدەن.

**٦-بازرگانی کردن بە منداڵان:** بەسەربازی کردن و گواستنەوە و پەنادان و وەرگرتنی منداڵان بە مەبەستی بەکارهێنان و چەوساندنەوە.

**٧- منداڵانی ناکۆك لەگەڵ یاسا:** هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە تەمەنی لە خوار 18 ساڵیدا بێت و لەگەڵ سیستەمی داد ناکۆك بێت، لە ئەنجامی ئەوەی کە گومانلێکراو بێت، یان بە ئەنجامدانی تاوانێك تاوانبار کرا بێت.

تەمەن خوار 18 ساڵی قەدەخە کراون، هەتا ئەوانەش کە گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی کارکردن کە تەمەنی 15 ساڵییە.

**١.٧- چەمکە تایبەتیەکان :**

**١- بەڕێوەبردنی کەیس چییە؟**

پرۆسەی یارمەتیدانی منداڵان و خێزانەکانیان لە ڕێگەی پشتیوانیی جۆری کاری کۆمەڵایەتیی ڕاستەوخۆ و بەڕێوەبردنی زانیاری. شێوەیەکی ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی کارە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی منداڵان (وخێزانەکانیان) بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێکخراو و لە کاتی خۆیدا لە ڕێگەی پشتیوانیی ڕاستەوخۆ و / یان ڕەوانە کردن، بەپێی ئامانجەکانی پرۆژە یان بەرنامە.

*٢- کارمەندی کۆمەڵایەتی: کارمەندی کەیس:*

کارمەندی سەرەکییە لە کەیسدا کە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە بۆ چاودێریی منداڵ لە دەستنیشان کردنی کەیسەوە تا دەگاتە داخستنی کەیس.

**کارمەندی کەیس** : هەمیشە بەرپرسیاریەتی گشتی هەڵدەگرن بۆ کەیسی منداڵ کاتێك کە بۆ ئەو کارە تەرخان دەکرێن و دەبێت بەدواداچوون بۆ ئەو خزمەتگوزارییانە بکەن کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەییدا دابین دەکرێن.[٩]

٣-[١٠] هەنگاوەکانی بەڕێوەبردنی کەیس

پێویستە بەڕێوەبردنی کەیس بەپێی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس ئەنجام بدرێت کە لەم ڕێکارە یەکخراوانەی کارکردندا هاتوون لە ڕێگەی زنجیرەیەك هەنگاو (لە خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە). پێویستە بنەما ڕێنوێنییەکان کە لە سەرەوەدا باس کراون، لە هەموو قۆناخەکانی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسدا جەختیان بکرێتە سەر. گرنگە ئەوە بزانرێت کە هەموو کەیسێکی تایبەت جیاوازە و زۆر لە کەیسەکان بە ڕێگەیەکی ڕاست و ڕەواندا ناڕۆن – بەڵکو، دەکرێت پرۆسەیەکی "بازنەیی" بێت و جوولەی بەرەو دواوە و بەرەو پێشەوەی هەبێت بە درێژایی قۆناخە جیاجیاکانی کار و بڕیاردان.

**هەنگاوی 1:**

دەستنیشان کردن و تۆمارکردن.

**هەنگاوی 2: هەڵسەنگاندن :**

هەڵسەنگاندن زانیارییەکان لەبارەی بارودۆخی منداڵان (و خێزانەکانیان) کۆدەکاتەوە و شیکاری دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکان / نیگەرانییەکانی پاراستن و خاڵە بەهێزەکان و سەرچاوەکان و هۆکارەکانی پاراستنی منداڵان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگە.

**هەنگاوی 3: پلاندانانی کەیس :**

دوای هەڵسەنگاندن، پێویستە کارمەندی کەیس لەگەڵ سەرپەرستیارەکەی (لە هەندێ کەیسیشدا، تیمێکی گەورەتر) و سووتاندن بە ئاگر، هەروەها ژەهر خوارد کردن و سزای جەستەیی زۆر تووند و هی تر دەگرێتەوە.

١٥- خراپ مامەڵەی دەروونی / سۆزی: خراپ مامەڵەی دەروونی و سۆزی ئەو کاتە ڕوودەدات کە پێشکەشکارانی چاودێری بەردەوام شکست دێنن لە چاودێری و خۆشەویستی منداڵەکانیان بە دابیننەکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ بەخێوکردن و خۆشەویستی و پشتیوانیکەر بۆ گەشەکردنیان. ئەم جۆرە خراپ مامەڵەیە، بەکەمزانین و خۆشنەویستن و سەرزەنشتکردن و ترساندن و هەڕەشە کردن و تۆقاندن و جیاکاری و گەمە پێکردن و شێوەکانی تری مامەڵەی دەروونی دەگرێتەوە، وەکو ڕەتکردنەوە و ڕەفتاری دوژمنکارانە. خراپ مامەڵەی سۆزی دەتوانێت زیان بە تەندروستیی جەستەیی و بە گەشەی هۆشیی منداڵ بگەیەنێت و زیان بگەیەنێت بە ڕەفتار و ئاکاری و کۆمەڵایەتی.

١٦- دەستدرێژیی سێکسی: بەشداری کردنی منداڵ لە چالاکیی سێکسیدا کە کوڕەکە، یان کچەکە بە تەواوی تێنەگات، یان نەتوانێت ڕەزامەندیی بەئاگایی بدات، یان منداڵەکە لە ڕووی گەشەوە بۆ ئەو کارە ئامادە نەبێت و نەتوانێت ڕەزامەندی بدات، یان یاسا و قەدەغەکراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ پێشێل بکرێت. دەستدرێژیی سێکسی وا پێناسە دەکرێت کە هەر جۆرە چالاکییەکی سێکسییە کە لەگەڵ منداڵێك دەکرێت لە لایەن کەسێکی گەورە، یان منداڵێکی تر دەستدرێژیی سێکسی .کە دەسەڵاتی بەسەر ئەو منداڵە دەشکێت مەرج نییە بەرکەوتنی جەستەیی بێت. ناچار کردنی منداڵ بۆ بینینی دەستدرێژی و / یان کرداری تری تووندوتیژیی سێکسی، ناچار کردنی منداڵ بۆ سەیر کردنی وێنە و بابەتی ئابڕووبەرانە، یان پیشاندانی ئەندامە تایبەتەکانیان، یان پیشاندانی ئەندامە تایبەتەکانی منداڵ بە کرداری دەستدرێژیی سێکسی دادەنرێن .

: ئەو منداڵانەن کە دایك و باوکیان مردوون. بەڵام لە ١٧-[٨] هەتیو هەندێ ولاتدا، بەو منداڵانە دەگووترێت کە یەکێك لە دایك و باوکیان نەماوە.

١٨- خراپترین شێوەکانی کاری منداڵ:

وەك ئەوەی لە ڕێکەوتنامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ژمارە 182، پێناسە کراوە، خراپترین شێوەکانی کاری منداڵ ئەمانە دەگرێتەوە: هەموو شێوەکانی کۆیلەیی، یان کارەکانی هاوشێوەی کۆیلەیی (فرۆشتن و بازرگانی کردن بە منداڵان، کۆیلایەتیی قەرز، ناچار کردن یان کارکردن کە ناچار کردن یان بەزۆرەملێ بەسەربازیکردنی منداڵان بۆ بەکارهێنانیان لە ناکۆکییە چەکدارییەکانیش دەگرێتەوە)؛ بەکارهێنانی منداڵان بۆ کاری لەشفرۆشی و / یان وێنە و بابەتی ئابڕووبەرانە؛ بەکارهێنانی منداڵان بۆ چالاکییە ناشەرعییەکان (بۆ نموونە، هۆشبەرەکان) و کاری وا کە زیان بە تەندروستی و سەلامەتی و ئاکاری منداڵان بگەیەنێت. خراپترین شێوەکانی کاری منداڵ بۆ هەموو منداڵانی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

تاوتوێی کەیس بکات و لە ماوەی دوو هەفتە دوای خەملاندن، پلانی کەیس ئامادە بکات.

| چوارچێوەی کات بۆ پلانی کەیس | ئاستی مەترسی |
|---|---|
| پێویستە لە ماوەی سێ ڕۆژ دوای هەڵسەنگاندن، پلانی چاودێری ئامادە بکرێت. | مەترسیی زۆر |
| پێویستە لە ماوەی یەك هەفتە دوای هەڵسەنگاندن، پلانی چاودێری ئامادە بکرێت. | مەترسیی مامناوەند |
| پێویستە لە ماوەی دوو هەفتە دوای هەڵسەنگاندن، پلانی چاودێری ئامادە بکرێت. | مەترسیی کەم |

بەدواداچوون: لێکۆڵینەوەیە لەوەی کە ڕێکارە تایبەتەکان جێبەجێکراون لە پلانی کەیسی منداڵ.
چاودێری: چالاکییە ڕێکخراوەکان (بۆ نموونە، سەردانی ماڵان، کۆبوونەوەی هەفتانە لەگەڵ منداڵ، هتد.) بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەوەی کە دۆخی منداڵ جێگیرە و بە شێوەیەکی ئەرێنی بەرەوپێش دەچێت.

**هەنگاوی 4: جێبەجێ کردنی پلانی کەیس**
هەر کە پلانی کەیس ئامادە کرا و لەگەڵ سەرپەرشتیار ڕێککەوتنی لەسەر کرا، کارمەندی کەیس دەتوانێت دەست بە کارکردن لەگەڵ منداڵ و خێزانەکەی بکات بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پلانەکە.
**هەنگاوی 5: بەدواداچوون و پێداچوونەوە**

| خشتەی کات بۆ پێداچوونەوە | چەند جار بەدواداچوون دەکرێت | ئاستی مەترسی |
|---|---|---|
| پێویستە بە لای کەمەوە، هەفتانە یەك جار کۆبوونەوەی پێداچوونەوەی کەیس ئەنجام بدرێت. | دوای دەستکردن بە جێبەجێکردنی پلانی چاودێری، پێویستە بە لای کەمەوە، هەفتەی دوو جار بەدواداچوون بکرێت. | مەترسیی زۆر |
| پێویستە بە لای کەمەوە، مانگانە ٣-٤ جار کۆبوونەوەی پێداچوونەوەی کەیس ئەنجام بدرێت. | دوای دەستکردن بە جێبەجێکردنی پلانی چاودێری، پێویستە بە لای کەمەوە، هەفتەی یەك جار بەدواداچوون بکرێت. | مەترسیی مامناوەند |
| پێویستە بە لای کەمەوە، مانگانە یەك جار کۆبوونەوەی پێداچوونەوەی کەیس ئەنجام بدرێت. | دوای دەستکردن بە جێبەجێکردنی پلانی چاودێری، پێویستە بە لای کەمەوە، دوو هەفتە جارێك بەدواداچوون بکرێت. | مەترسیی کەم |

منداڵەکە مردووە (هەڵسەنگاندن بۆ هۆکاری مردنەکە دەکرێت و دڵنیایی دەدرێت لەوەی کە هەموو منداڵان / خوشك و براکان لە خێزانەکە پارێزراون).
کەیسەکە بۆ ڕێکخراوێکی تر گواستراوەتەوە (فۆرمی گواستنەوەی کەیس پڕ کراوەتەوە و کەیسەکە بە تەواوی ڕادەست کراوە بۆ لایەنێکی تری پەیوەندیدار).
ڕێکخراو ناوچەی کارپێکردنی جێ هێشتووە (پاش دڵنیابوون لەوەی کەیسەکە بە تەواوی ڕادەستی ڕێکخراوێکی تری پاراستنی منداڵ کراوە).
پێویستە بڕیاری داخستنی کەیس تەنیا ئەو کاتە بدرێت کە لەگەڵ سەرپەرشتیار پێداچوونەوە بۆ کەیسەکە دەکرێت، پێویستە کەیسە داخراوەکان لە (فۆرمی داخستنی کەیس) تۆمار بکرێن و لە شوێنێکی پارێزراو هەڵبگیرێن بۆ ماوەیەکی دیارکراو بەپێی پڕۆتۆکۆڵی ڕێکخراوەکە سەبارەت بە پاراستنی داتاکان، یان .دەسەڵاتی یاسادانانی نیشتمانی

**هەنگاوی ٦: داخستنی کەیس**
داخستنی کەیس دوایین هەنگاوە لە پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس و بە زۆری ئەو کاتە پێی دەگەین کە ئامانجەکانی پلانی کەیسی منداڵ هاتوونەتە دی. دەکرێت ئەو کاتە کەیس دابخرێت کە؛
چیتر منداڵەکە لە مەترسیدا نەماوە (هیچ مەترسییەك)؛ هیچ ڕێکارێکی تر پێویست نییە.
بەرەوپێشچوونی بەرچاو لە پلانی چاودێری بەدی هاتووە و پلانێکی سەلامەت کاری پێکراوە لەلایەن کارمەندەکە بە مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسیی ئایندە بۆ سەر منداڵەکە. هیچ ڕێکارێکی تر پێویست نییە.
منداڵەکە کامپ/ کۆمەڵگەی جێهێشتووە (ئەگەر منداڵ بەبێ ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراو ڕۆیشتبێت، بەلای کەمەوە، پێش داخستنی فایل سێ مانگ چاوەڕێ دەکرێت).
منداڵ/ خێزان چیتر ئامادە نین بەشداری بکەن (هیچ نیگەرانییەکی بەرچاو بۆ پاراستن نییە)
منداڵەکە گەیشتوتە تەمەنی 18 ساڵی (پاش دڵنیابوون لەوەی کە پلانی گواستنەوە کاری پێ دەکرێت و ڕێنوێنی منداڵەکە دەکرێت سەبارەت بە چۆنێتی گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان).

بەشێ دووەم

٢- شیکاری داتاکان:

٢-١ داتای کەیسەکانی بەرنامەی پاراستنی منداڵ ساڵی ٢٠٢٥

| نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ | خانەخوێ | | ئاوارە | | پەنابەر | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێ ر | م ێ | |
| بێسەرپەرشت | | ٤ | | | | | ٤ |
| پێشێلکاری جەستەیی/تووندوتیژی | ٦ | ٩ | ١ | | | ١ | ١٧ |
| حاڵەتێکی پزیشکی کە هەرەشەبێت لەسەر ژیان | ٥ | | | | ١ | | ٦ |
| دابڕاو | | ١ | | | | ١ | ٢ |
| دەژێت/دەخەوێت لەسەر شەقام | ٢ | ٣ | | | | | ٥ |
| زەحمەتی لە بایەخ بەخۆدانەوە وەک خواردنی خۆراک یان خۆ گۆڕین | | ١ | | | | | ١ |
| نەبوونی بەڵگەنامە/ تۆماری لەدایکبوون | ١٢ | ١٢ | ٢ | ٧ | | ١ | ٣٤ |
| زەحمەتی لە ئەرکەکاندا (بیستن، تەنانەت گەر ئامێری یاریدەدەری بیستن بەکاربهێنێت) | ١ | ١ | | | ١ | | ٣ |
| زەحمەتی لە ئەرکەکاندا (بینین، تەنانەت ئەگەر چاویلکەش لەچاو بکات) | ٤ | ١ | | | | | ٥ |
| زەحمەتی لە ئەرکەکاندا (ڕۆیشتن یان جوڵە یان بەکارهێنانی بەشێکی جەستەی) | ٤ | ٣ | | | | ١ | ٨ |
| زەحمەتی لە ئەرکەکانی فێربوون و تەرکیزکردندا | ٧ | ٦ | | | | | ١٣ |
| فەرامۆشکردن | ٢٠ | ١٦ | ١ | | ٢ | ١ | ٤٠ |
| کارکردنی منداڵ | ٤١ | ٦ | ٣٥ | ٢ | ٥ | ٢ | ٩١ |
| منداڵێک کە خێزانێک بەخێوەدەکات | | ١ | | | | | ١ |
| منداڵێکی بێ چاودێری | ١ | ١ | | | | | ٢ |
| منداڵێکی ڕزگاربووی پێشێلکاری/ تووندوتیژی سێکسی | ٢ | ٥ | | | | | ٧ |
| نارەحەتی دەروونی/نەخۆشی/شڵەژانی عەقڵی | ١٦ | ١٦ | | ١ | ٢ | ٣ | ٣٨ |
| هاوسەرگیری منداڵ/منداڵەکە دووگیانە | | | | | | ٢ | ٢ |
| هەتیو | ١ | ٣ | ٢ | ٧ | | ١ | ١٤ |
| هەژاری تووندی خێزانی | ١٦ | ٢١ | ١ | ٢ | ٤ | ٥ | ٤٩ |
| یاسای (چاکسازی ژنان و منداڵان وەرگیراوە) | ٦٤ | ١١ | ٥ | | ٥ | ٥ | ٩٠ |


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

**٢-٢شیکاری بەپێی ئاستی مەترسیەکان:**


ئاستی مەترسی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی گرنگی و پێویستی چارەسەری خێرا بۆ هەر کەیسێک.

داتاکان پیشانی دەدەن کە دابەشکردنی ئاستی مەترسی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە ١: دابەشکردنی ئاستی مەترسی:

| ئاستی مەترسی | ژمارەی کەیس | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەرز | ١٠١ | ٪٢٣،٣٨ |
| مامناوەند | ١٩٩ | ٪٤٦،٠٦ |
| نزم | ١٣٢ | ٪٣٠،٥٦ |

خشتەی ١: ڕێژەی کەیسەکان بەپێی ئاستی مەترسی




وێنەی ١: دابەشکردنی ئاستی مەترسی

تەنها ١٣٢ کەیس (٣٠.٥٦٪) لە ئاستی مەترسی نزمدان، کە پیشانی دەدات کەمتر لە یەک لە سێ کەیس مەترسی کەمیان هەیە. ئەم دابەشکردنە پیشانی دەدات کە سیستەمی پاراستنی منداڵ پێویستی بە بەرزکردنەوەی توانا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکانی ئاستی بەرز و ناوەند، لە هەمان کاتدا پێویستە سەرنج بدرێت بە کەمکردنەوەی هۆکارەکانی مەترسی بۆ ئەوەی کەیسەکان لە ئاستی بەرز و ناوەندەوە بگوازرێنەوە بۆ ئاستی نزم.

لە کۆی ٤٣٢ کەیسدا، ١٩٩ کەیس (٤٦.٠٦٪) لە ئاستی مەترسی مامناوەندان، کە پیشانی دەدات زۆربەی کەیسەکان پێویستیان بە وەڵامدانەوەی مامناوەند هەیە.

لە هەمان کاتدا، ١٠١ کەیس (٢٣.٣٨٪) لە ئاستی مەترسی بەرزدان، کە ئەمە ئاماژەیەکی جددییە بۆ پێویستی بە هەستان و گەڕان بۆ چارەسەری خێرا.

| ستاف | CM-Uh | CM-Ah | CM-Hc | CM-Hk | CM-Ks | CM-Ab | CM-As | CM-Os | CM-Al | CM-Uk |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەیسی مەترسی بەرز | ١٠ | ١٠ | ٢٨ | ١ | ١٩ | ١٥ | ٦ | ٥ | ٥ | ٢ |

**خشتەی ٢: شیکاری داتاکان بەپێی ئاستی مەترسی**

لێرەدا دیاریکراوە بەپێی بەڕێوەبەری کەیسەکان و ئەو کەیسانەی زۆرترین کەیسی ئاستی CMChئاستی مەترسییان بەرزە، مەترسی بەرزی هەیە، کە لە کۆی ٣٤ کەیس ٢٨ کەیسی مەترسی بەرزە، دەری دەخات سەرەڕای ئەوەی ژمارەی کەیسەکانی زۆر نییە، بەڵام کوالیتی ئاستی کەیسەکانی بەرزە و هەموو CMCh کەیسەکانی کە لە مەترسی بەرزدا بوون کاری کردووە و لە CMSk, CMBa, CMHuمەترسیدا نەماون، لە کاتێکدا ( ) کۆی گشتی کەیسەکانیان بەرزە بەڵام هاوسەنگییەک هەیە CMHa CMLaلە ئاستی بەرز و مامناوەندی کەیسەکاندا، لە هەمان کاتدا زۆرترین ژمارەی کەیسی هەیە، کە ١٢١ کەیسە بەڵام تەنها ٥ کەیسی لە ئاستی بەرزدایە و ٢٠ی مامناوەند و ٩٦ی نزم، ئەمە ئاماژەیە بۆ بارگرانییەکی زۆر لە ژمارەی کەیسەکاندا، بەڵام دابەزین لە کوالیتی کەیسەکان، بە هەمان شێوە گەر کەیسی زۆر لە ئاستی


سەرنجە و دەکرێت ئاماژەبێت بۆ سوودی ئەزموون لە پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسدا.

**٢-٣: شیکاری داتاکان بەپێی ڕەگەز:**

ڕەگەز یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکان کە کاریگەری لەسەر باری پاراستنی منداڵ هەیە.
داتاکان پیشانی دەدەن کە منداڵانی نێر زیاتر کاریگەرن لە منداڵانی مێ، بەڵام جیاوازییەکە زۆر گەورە نییە.

| ڕەگەز | ژمارەی کەیس | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی مەترسی بەرز |
|---|---|---|---|
| نێر (Male) | ٢٦٩ | ٦٢.٣٪ | ٢٢.٧٪ |
| مێ (Female) | ١٦٣ | ٣٧.٧٪ | ٢٤.٥٪ |

خشتەی ٣: شیکاری داتاکان بەپێی ڕەگەز




**وێنەی ٢: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی ڕەگەز**

منداڵانی نێر بە ٢٦٩ کەیس (٦٢.٣٪) زۆرترین کەیسەکانیان هەیە، لە کاتێکدا منداڵانی مێ بە ١٦٣ کەیس (٣٧.٧٪) کەمتری کۆی گشتی کەیسەکان لە خۆ دەگرن.

بەپێی ئەم شیکارییە، زۆرینەی بەڕێوەبەرانی کەیس لە ڕێکخراوەکە کاریگەری زیاتریان لەسەر ڕەگەزی نێر کردووە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵگاکەدا منداڵانی نێر زیاتر بەرچاو دەبن لەکاتی پێویستی بە بەڕێوەبردنی کەیس، هەروەها دەکرێت فاکتەرەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی وەک داخراوی کۆمەڵگە و موحافزکاری پڕۆسەی دەستێوەردان لە کەیسی منداڵانی مێ قورستر بکات، ئەم داتایانە پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکەن کە دەکرێت منداڵانی نێر لە مەترسییەکی زیاتردا ببینرێن وەک لە مێ، لە هەمان کاتدا شێوازێک بدۆزرێتەوە لەلایەن ڕێکخراوەکان بۆ دیاریکردنی کەیسی مێ گەر کۆمەڵگاکە موحافزکار بێت.

پێمان وایە ئەم جیاوازییە دەکرێت بەهۆی چەندین فاکتەر بێت، وەک زیاتر بەشداریکردنی کوڕان لە کایە کولتوورییەکان و مەترسی بەرزدا وەربگیرێت، دەبێتە هۆی دابەزینی ژمارەی کەیسەکان کە بەڕێوەبەری کەیس دەتوانێت کاریان لەسەر بکات.

هەندێ لە کارمەندەکان کە لە شارە گەورەکاندان کەیسی زۆرتریان هەیە، هەروەها ئەو کارمەندانەی ناو شارەکان کە زۆرترین ئەزموون و خولیان وەرگرتووە کەیسی بەرزیان زۆرە و لەهەمان کاتدا ڕێژەی کەیسیان بەرزە، لە کاتێکا ئەوانی ئەزموونیان کەمە کەمتر کەیسی مەترسی ئاست ماموناوەندیان هەیە، ئەم داتایە جێی

| ستاف | CM-Al | CM-Uh | CM-Ks | CM-Ah | CM-Ab | CM-Hc | CM-Uk | CM-Os | CM-As | CM-Hk |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر بەرامبەر مێ | ٢,٣٦:١ | ٠,٩٠:١ | ٣,٥٧:١ | ١,٣٨:١ | ٠,٦٤:١ | ١,٨٣:١ | ١,١٧:١ | ١,١٧:١ | ٨,٠٠:١ | ٣,٥٠:١ |

لەگەڵ ڕەگەزی نێر یان مێدا بەسوودترە، بۆ دەرکەوتنی ئەم تێبینییە بە شێوەیەکی ڕوونتر پێویستە سەرنجی زیاتر و فیدباکی کەیسەکان وەرگیرێت کە ئایا کچان باشتر کاردانەوەیان دەبێت بۆ کارمەندی مێ یاخود نێر.

**٤-٢ شیکاری داتاکان بەپێی تەمەن:**

تەمەن فاکتەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی پاراستنی منداڵ. داتاکان بەسەر دوو گرووپی سەرەکیدا دابەش کراون: گرووپی ٠-١٣ ساڵ و گرووپی ١٤-١٧ ساڵ.


**خشتەی ٤ : شیکاری داتاکان بەپێی ڕەگەز (بۆ هەر کەیسێکی مێ چەند نێر بەڕێوەبردنی کەیسی بۆ ئەنجام دراوە).**

بەپێی ئەم شیکارییە دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەڕێوەبەرانی کەیس لە ڕێکخراوەکەدا ڕێژەی نێر زیاتر کاریان لەسەر کردووە کە ڕێژەی مێ لە CMAb, CMUhبەرامبەر بە مێ، بەدەر لە کەیسەکانیاندا زیاتر دەبینرێت وەک لە نێر، دەکرێت ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرەی کە ئەم دوو کارمەندە زۆرینەی کەیسەکانیان سەر بە کۆمەڵگەی (پەنابەر، ئاوارەی ناوخۆ) هەبێت، ئەم داتایەش یارمەتیدەر ببێت بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە لەم کۆمەڵگانە گرفتی مێینە بەرچاوترە وەک لە نێر.

بەو پێیەی هیچ یەکێک لەم دوو کارمەندە کچ نین و خۆیان کوڕن، ناتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە بوونی کارمەندی کچ بۆ مامەڵە

| گروپی تەمەن | ژمارەی کەیس | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی مەترسی بەرز |
|---|---|---|---|
| ٠-١٣ ساڵ | ٣٠٥ | ٧٠.٦٪ | ٢٥.٩٪ |
| ١٤-١٧ ساڵ | ١٢٧ | ٢٩.٤٪ | ١٧.٣٪ |

خشتەی ٥: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی تەمەن و ڕێژەی ئاستی مەترسی بەرز




گروپی تەمەنی ٠-١٣ ساڵ بە ٣٠٥ کەیس (٧٠.٦٪) زۆرترین کەیسەکانیان هەیە، کە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ پێویستی بە سەرنجی

وێنەی ٣: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی تەمەن و ڕێژەی ئاستی مەترسی بەرز.

پێویستیان بە پاراستنی تایبەت هەیە. گروپی ١٤-١٧ ساڵ زیاتر لە نیوەی کەیسەکانیان (٥١.٢٪) لە ئاستی مەترسی نزم دان، کە پیشانی دەدات توانای باشتریان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان.

زیاتر بۆ منداڵان لەو تەمەنەدا. ئەمە لەوانەیە بەهۆی لاوازی زیاتری منداڵانی بچووک و نەتوانینیان بۆ پاراستنی خۆیان بێت. لە ڕووی مەترسییەوە، گروپی ٠-١٣ ساڵ ڕێژەی مەترسی بەرزیان زیاترە (٢٥.٩٪) بەراورد بە گروپی ١٤-١٧ ساڵ (١٧.٣٪). ئەمە پیشانی دەدات کە منداڵانی بچووک لە مەترسی زیاتردان و

| کۆدی ستاف | کۆی گشتی | ٠-١٣ | ١٤-١٧ | ٠-١٣٪ | ١٤-١٧٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| CM-Al | 121 | 63 | 58 | 52.1% | 47.9% |
| CM-Uh | 74 | 56 | 18 | 75.7% | 24.3% |
| CM-Ks | 64 | 54 | 12 | 81.2% | 18.8% |
| CM-Ah | 57 | 40 | 17 | 70.2% | 29.8% |
| CM-Ab | 36 | 30 | 6 | 83.3% | 16.7% |
| CM-Hc | 34 | 20 | 14 | 58.8% | 41.2% |
| CM-Uk | 13 | 13 | 0 | 100.0% | 0.0% |
| CM-Os | 13 | 12 | 1 | 92.3% | 7.7% |
| CM-Hk | 9 | 8 | 1 | 88.9% | 11.1% |
| CM-As | 9 | 9 | 0 | 100.0% | 0.0% |

**خشتەی ٦: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی ستاف و تەمەنی کەیس.**

خاڵی هاوبەشی هەموو کارمەندان ئەوەیە کە ڕێژەی منداڵی ٠-١٣ بەرزترە وەک لە نێوجەوان ١٤-١٧ ئەمیش دەکرێت کۆمەڵێ هۆکاری جیاوازی هەبێت و جێی سەرنجە.

بەپێی ئەم داتایە منداڵی تەمەن ٠-١٣ لە ئاستی مەترسی بەرزدان و ڕێژەی گرفت و نیگەرانی لەناویاندا زیاترە، هەروەها کارمەندەکانی دەرەوەی شارەکان بە گشتی ڕێژەی نێوجەوان لەناو کەیسەکانیاندا کەمترە لە ١٠ کەیس و هەموو کەیسەکانیان لە چوارچێوەی منداڵی ٠-١٣ چڕبۆتەوە، دەکرێت ئەمە گریمانەی ئەوەمان نیشاندات کە ڕێژەی مەترسی لە دەرەوەی شار لەسەر منداڵ زیاترە وەک لە نێوجەوان و ئەمەش جێی سەرنج و توێژینەوەی زیاترە.


### ٢-٥ شیکاری شوێن:

کەیسەکان لە ٩ شوێنی جیاوازدا تۆمار کراون، لە سلێمانی و هەولێر زۆرینەی کەیسەکانیان تێدا تۆمار کراوە. ئەم دابەشکردنە جوگرافییە یارمەتیمان دەدات بۆ ناسینەوەی ناوچەکانی مەترسی و پێویستی بە سەرنجی زیاتر.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

| شوێن | ژمارەی کەیس | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی مەترسی بەرز |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٣١ | ٣٠.٣٪ | ١٥.٣٪ |
| هەولێر | ١٢١ | ٢٨.٠٪ | ٤.١٪ |
| دهۆک | ٦٦ | ١٥.٣٪ | ٢٨.٨٪ |
| کەرکوک | ٣٦ | ٨.٣٪ | ٤١.٧٪ |
| کەلار | ٣٤ | ٧.٩٪ | ٨٢.٤٪ |
| چەمچەماڵ | ١٣ | ٣.٠٪ | ٣٨.٥٪ |
| هەڵەبجە | ١٣ | ٣.٠٪ | ١٥.٤٪ |
| کۆیە | ٩ | ٢.١٪ | ١١.١٪ |
| قەڵادزە | ٩ | ٢.١٪ | ٦٦.٧٪ |

خشتەی ٧: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی شوێن




وێنەی ٤: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی شوێن.

کەرکوک بە ٤١.٧٪ لە پلەکانی دواتردان. سلێمانی زۆرترین ڕێژەی کەیسەی هەیە و ١٥٪ی کەیسەکانی لە ئاستی مەترسی بەرزدان.

بەرزی ڕێژەی کەیس لە سلێمانی و کارمەندی دهۆک دەکرێت هۆکاری سەرەکی ئەوەبێت کە کارمەندان ڕاستەوخۆ دەستیان بە سەرچاوەکانی ڕێکخراوەکە دەکات بە شێوەیەکی خێراتر، هەروەها ژمارەی کارمەندان لە ئۆفیسی سەرەکیدا زیاترە لە ئۆفیسەکانی دیکە و لەگەڵ سەرپەرشتیاردا دەتوانن زووتر بگەنە ئامانج.

سلێمانی بە ١٣١ کەیس (٣٠.٣٪) زۆرترین کەیسەکانی هەیە، بەدوایدا هەولێر دێت بە ١٢١ کەیس (٢٨.٠٪). ئەم دوو شارە گەورەیە زیاتر لە نیوەی کەیسەکان لەخۆدەگرن. دهۆک بە ٦٦ کەیس (١٥.٣٪) لە پلەی سێیەمدایە.

لە ڕووی مەترسییەوە، کەلار بەرزترین ڕێژەی مەترسی بەرزی هەیە (٨٢.٤٪)ی کۆی کەیسەکانی خۆی دەکات، کە ئاماژەیەکی جددییە بۆ پێویستی بە سەرنجی تایبەت. قەڵادزەش بە ٦٦.٧٪ و

بەهۆی نەبوونی ئامارێکی نزیک لە ٢٠٢٥ دەکرێت تەنها گومانی ئەوە بکەین کە لەم شارەدا بەرزی ڕێژەی تاوان لەم مەیدانانە تێوەگلانی منداڵی تێدەکەوێت، بەرزی ڕێژەی کەیسی یاسایی لەم شارەدا جێی سەرنجی زیاترە و پێویستی بە داتای وردترە.

### ٦-٢ شیکاری جۆری کۆمەڵگە:

جۆری کۆمەڵگە فاکتەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەیسەکان.


داتاکان پیشانی دەدەن کە هاوڵاتیانی ناوخۆ زۆرترین کەیسەکانیان هەیە، بەڵام ئاوارەکان و پەنابەرەکان مەترسی زیاتر و بەرزتریان هەیە.

بەراورد بەم داتایە، هەوڵێر کەمترین ڕێژەی مەترسی بەرزی هەیە (٤.١٪)ی کەیسەکانییەتی، کە لەوانەیە بەهۆی باشتر بوونی سیستەمی پاراستن بێت لە ناوچەکەدا، یاخود کۆمەڵێک پێشگریمانە هەڵدەگرێت ئەم ڕێژەیە، بەوپێیەی چڕی کەیسەکان لە مانگەکانی ٨-١٢ یە و ئاستی مەترسیان هاوشێوەیە دەکرێت کەمی کارمەند بە بەراورد بە گەورەیی شارەکە، یاخود زۆری گرفتی یاسایی و کۆمەڵایەتی بێت.

شایەنی باسە لە ناوچەی هەوڵێر بەرزترین ڕێژەی تاوان بەو ئامارانەی لەبەر دەستدان کە دواین ئاماری ٢٠٢٣ی ئەم تاوانانە : دزینی مۆڵک و سامانی تایبەت، ساختەکاری و [11]دەگرنەوە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، تێوەگلان لە دۆسیەی یاسایی و گومانلێکراوی دزین.

| جۆری کۆمەڵگە | ژمارەی کەیس | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی مەترسی بەرز |
|---|---|---|---|
| خانەخوێ(H.C) | ٣٢٤ | ٧٥.٠٪ | ٢١.٦٪ |
| ئاوارەی ناوخۆ (IDP) | ٦٤ | ١٤.٨٪ | ٣٢.٨٪ |
| پەنابەر (Refugees) | ٤٣ | ١٠.٠٪ | ٢٠.٩٪ |
| کۆچەری (Gypsy) | ١ | ٠.٢٪ | ١٠٠٪ |

خشتەی ٨: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی جۆری کۆمەڵگە





- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

بەرزدایە، کە پیشانی دەدات ئەم گروپە پێویستی بە سەرنجی تایبەت هەیە. پەنابەرەکان و هاوڵاتیانی ناوخۆ ڕێژەی مەترسی بەرزیان نزیکە لە یەکتر (٢٠.٩٪ و ٢١.٦٪)ی کۆی گشتی کەیسەکانیان لە خۆ دەگرێ.

کەیسی کۆچەرییەکان تۆمارکردنیان لاوازە بەهۆی ئەوەی کە خێزانە کۆچەرییەکان بەردەوام لە جێگۆڕکێ و شوێن گۆڕیندان و لە جێیەکی دیاریکراو نیشتەجێ نابن تاکو بەڕێوەبردنی کەیسیان بۆ ئەنجام بدرێت

وێنەی ٥: دابەشکردنی کەیسەکان بەپێی جۆری کۆمەڵگ

ڕێژەی هاوڵاتیانی ناوخۆ (H.C) کە ٣٢٤ کەیسن (٧٥.٠٪) زۆرترین کەیسەکانیان هەیە، کە ئەمە سروشتییە بەهۆی زۆرینی ژمارەیان لە کۆمەڵگەدا. ئاوارەکانی ناوخۆ (IDP) بە ٦٤ کەیس (١٤.٨٪) و پەنابەرەکان بە ٤٣ کەیس (١٠.٠٪) لە پلەکانی دواتردان. لە ڕووی مەترسییەوە، ئاوارەکانی ناوخۆ بەرزترین ڕێژەی مەترسی بەرزیان هەیە (٣٢.٨٪)، کە ئاماژەیەکی جددییە بۆ کێشەکانی ئەم گروپە. تاکە کەیسە کۆچەرییەکەش لە ئاستی مەترسی

| ستاف | پەنابەر | ئاوارەی ناوخۆ | H.C | کۆچەری | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| CM-Al | ١٠ | ٥ | ١٠٦ | ٠ | ١٢١ |
| CM-Uh | ٢٠ | ١١ | ٤٣ | ٠ | ٧٤ |
| CM-Ks | ٥ | ٢ | ٥٨ | ١ | ٦٥ |
| CM-Ah | ٥ | ٦ | ٤٦ | ٠ | ٥٧ |
| CM-Ab | ٠ | ٢٣ | ١٣ | ٠ | ٣٦ |
| CM-Hc | ٠ | ١١ | ٢٣ | ٠ | ٣٤ |
| CM-Uk | ٠ | ٢ | ١١ | ٠ | ١٣ |
| CM-Os | ٢ | ٠ | ١١ | ٠ | ١٣ |
| CM-Hk | ١ | ٤ | ٤ | ٠ | ٩ |
| CM-As | ٠ | ٠ | ٩ | ٠ | ٩ |

خشتەی ٩: دابەشکاری ستاف و کۆمەڵگەی کەیسەکان

لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی ئەم دوو کارمەندە لە زمانی عەرەبیدا بە شێوەیەکی باشتر وەک لە هاوکارانیان یارمەتیدەر بووە بۆ نزیکبوونەوە لەم دوو کۆمەڵگەیە و ئاسانکاری لە بەڕێوەبردنی کەیسیاندا.

هەروەها شارەکان جێی کاری زیاترن و پەنابەر و ئاوارەکان پەنا دەبەنە بەر شارەکان بە مەبەستی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی.

بەپێی ئەم داتایە زۆرینەی کارمەندەکان مامەڵەیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ناوخۆ (پێشوازیکار) هەیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە چڕی دانیشتوانی ناوخۆ زیاترە وگەڕانەوەی پەنابەران و داخرانی کەمپی ئاوارەی ناوخۆکانیش هۆکارێکی تر بۆ کەمی پەنابەر و ) ئەم دوو کارمەندە CMAb, CMUhئاوارەی ناوخۆ، بەڵام ( زۆرینەی کەیسەکانی ئاوارە و پەنابەری ناوخۆیان لایە، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەناو پارێزگا سەرەکییەکاندان،


**٢-٧ شیکاری بەپێی ئاستی نیگەرانییەکان:**

نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ جۆرە جیاوازەکانی کێشەکان پیشان دەدات کە منداڵەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. تێگەیشتن لەم جۆرانە یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرە گونجاوەکان

| جۆری نیگەرانی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یاساشکێنی کردن | ٩٠ | ٢٠.٨٪ |
| کارکردنی منداڵ (نەک خراپترین شێواز) | ٦٧ | ١٥.٥٪ |
| هەژاری توندی خێزان | ٤٩ | ١١.٣٪ |

| | | |
|---|---|---|
| نەبوونی بەڵگەنامە/تۆماری لەدایکبوون | ٣٣ | ٧.٦٪ |
| نارەحەتی دەروونی | ٣٠ | ٦.٩٪ |
| فەراموشکردن | ٢٥ | ٥.٨٪ |
| کارکردنی منداڵ (خراپترین شێواز) | ٢٤ | ٥.٦٪ |
| پیشێلکاری جەستەیی/تووندوتیژی | ١٧ | ٣.٩٪ |

خشتەی ١٠: زۆرترین نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ




نەبوونی بەڵگەنامە و نارەحەتی دەروونی کێشەکانی ترن کە پێویستیان بە سەرنجی تایبەت هەیە. پیشێلکاری جەستەیی و تووندوتیژی کەمتر تۆمار کراوە (٣.٩٪)، بەڵام ئەمە لەوانەیە بەهۆی نەبوونی ڕاپۆرتدان و هۆکاری ترس لە حوکمی کۆمەڵگە بێت.

زۆرترینی ڕێژەی ئەم کەیسانە لە ئاستی مەترسی بەرز دەرچوون و لە ئاستری مەترسی نزمدان، کە ئەگەرێتەوە بۆ سیستمی سەلامەتی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان.

**وێنەی ٦: زۆرترین نیگەرانیەکانی پاراستنی منداڵ**

یاساشکێنی کردن کە ٩٠ کەیسە لە کۆی گشتی کەیسەکان (٢٠.٨٪) زۆرترین نیگەرانی پاراستنی منداڵە، کە ئاماژەیەکی جددییە بۆ پێویستی بە بەهێزکردنی سیستەمی یاسایی و کۆمەڵایەتی. کارکردنی منداڵ بە هەردوو شێوازەکەی (خراپترین و نەک خراپترین) بە گشتی ٩١ کەیس (٢١.١٪) پێکدەهێنن، کە ئەمەش نیگەرانیەکی گەورەیە. هەژاری تووندی خێزان بە ٤٩ کەیس (١١.٣٪) لە پلەی سێیەمدایە، کە پیشانی دەدات کێشەکانی ئابووری کاریگەری گەورەیان لەسەر پاراستنی منداڵ هەیە.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

| ستاف | ئەو نیگەرانیانەی زۆرترین مامەڵەی لەگەڵدا ئەنجام داوە. | ئەو نیگەرانیانەی کەمتر مامەڵەی لەگەڵدا ئەنجام داوە |
|---|---|---|
| CM-Hc | کارکردنی منداڵ (خراپترین شێوەکانی)، ناڕەحەتی دەروونی، هەژاری تووندی خێزان | زەحمەتی لە ئەرکەکانی (فێربوون، جوڵە) |
| CM-Ah | کارکردنی منداڵ (خراپترین شێوەکانی)، تۆماری لەدایکبوون، ناڕەحەتی دەروونی. | پێشێلکاری جەستەیی/تووندوتیژی |
| CM-Uh | هەژاری تووندی خێزان، ناڕەتی دەروونی، کارکردنی منداڵ (خراپترین شێوەکانی) | حاڵەتێکی پزیشکی کە هەڕەشەبێت لەسەر ژیان ؛ دابڕان لە خوێندن. |
| CM-Hk | کارکردنی منداڵ (نەک خراپترین شێوەکانی)، هەژاری تووندی خێزان | بێبەشکردن لە قوتابخانە |
| CM-Uk | هەژاری تووندی خێزان، فەرامۆشکردن | ناڕەحەتی دەروونی |
| CM-Al | یاساشکێنی، نەبوونی بەڵگەنامە. | زەحمەتی لە ئەرکەکانی فێربوون و تەرکیزکردندا. |
| CM-Ks | کارکردنی منداڵ (نەک خراپترین شێوەکانی)، زەحمەتی لە ئەرکەکاندا (فێربوون و تەرکیزکردن) | هەژاری تووندی خێزان |
| CM-As | حاڵەتێکی پزیشکی کە هەڕەشەبێت لەسەر ژیان ؛ زەحمەتی لە ئەرکەکاندا (بینین و بیستن) | کارکردنی منداڵ (نەک خراپترین شێوەکانی) |
| CM-Os | گرفتی تەندروستی، هەژاری تووندی خێزان | زەحمەتی لە پەیوەندیکردندا |
| CM-Ab | تۆماری لەدایکبوون، هەتیو، کارکردنی منداڵ (خراپترین شێوەکانی) | بێ سەرپەرشتیار |

کردووە، ئەم داتایە ئەوەمان نیشان دەدات کە زۆرینەی کەیسەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی ئەم سێ کارمەندە کاری لەسەر دەکەن دەکرێت بەهۆی هەژاری بێت زیاتر وەک لە پاڵنەرەکانی دیکە.

) زۆرترین کاریان لەسەر CM-Ab, CM-Ahهەروەها ( کارکردنی منداڵە، بەڵام لەجیاتی هەژاری تووندی خێزان زۆرینەی نیگەرانییەکانیان نەبوونی تۆماری لەدایکبوونە، ئەم داتایە نیشانمان دەدات کە ئەو کۆمەڵگەیەی ئەم دوو کارمەندە کاری لەسەر دەکەن دەکرێت زۆرترین گرفتیان نەبوونی بەڵگەنامە ببێت کە منداڵان بێبەش دەکات لە خوێندن و چەندین سێکتەری دی، هەروەها پاڵنەربێت بۆ زیادبوونی کارکردنی منداڵ.

) ئەم کارمەندە کارکردنی منداڵ لە کەمترین CM-As) نیگەرانییەکانە کە کاری لەسەر کردووە، زۆرینەی کەیسەکانی نیگەرانی تەندروستیان هەیە، دەکرێت لەم کۆمەڵگەیەدا کە ئەم کارمەندە کاری بۆ دەکات گرفتی تەندروستی زۆربێت، بەڵام گرفتی کارکردنی منداڵ بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر نەبێت، هەروەها

**خشتەی ١١ : ستافی کارمەندان و ئەو نیگەرانیانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.**

بەپێی ئەم شیکارییە هەر یەک لە کارمەندانی بەڕێوەبردنی کەیس ڕووبەڕووی گرفتی جیاواز بوونەتەوە و هەر یەک خاڵی سەرنجیان و جۆری کارکردنیان جیاوازە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە و ئەو جیاوازە لە CM-Ksکۆمەڵگەیەی کاری تێدا دەکەن، بۆ نموونە کارمەندەکانی دی بەو پێیەی هەژاری تووندی خێزان لە کەمترین نیگەرانییەکانە کە کاری لەسەر کردووە، ئەمەش هۆکارەکەی دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زۆرینەی کەیسەکانی منداڵی ، دەکرێت ئەم داتایە H.Cئیشکەرن و سەر بە کۆمەڵگای خۆجێین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەربخات کە زۆرینەی ئەو منداڵانەی لە ناوچەکەیا کار دەکەن گرفتی سەرەکییان هەژاری نییە.

) لەسەر منداڵی CM-Hc, CM-Uh, CM-Hkلە هەمان کاتدا ( ئەم CM-Ksئیشکەر زۆرترین کاریان کردووە بەڵام جیاواز لە سێ کارمەندە هەژاری تووندی خێزان زۆرترین کاریان لەسەر

دەروونییە، ئەم داتایە ئەوەمان نیشان دەدات لەم کۆمەڵگەیەدا ڕێژەی هەژاری و گرفتی خێزانی زیاترە وەک لە گرفتە دەروونییەکان.

لە هەمان کاتدا ئاستی خوێندن و خول و ئەزموون و پێشینەی زانیاری کارمەندەکان دەکرێت کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر ئەو کەیسانەی بەڕێوەی دەبات و ئەو نیگەرانییانەی کە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام دەدەن، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆ دەکەین:

| ناو | بروانامە | ئەزموون | ژ. خول | شوێنکار |
|---|---|---|---|---|
| CM-Ks | بەکالۆریۆس/ پەروەردەی دەروونی | ٤ | ٢ | دهۆک |
| CM-Al | بەکالۆریۆس/ دەروونزانی | ٤ | ٢٠+ | هەولێر |
| CM-Uk | بەکالۆریۆس/ کۆمەڵناسی | ٦ | ٢٠+ | هەڵەبجە |
| CM-Hk | بەکالۆریۆس/ کلینیکی دەروونی | ٤ | ١٠ | کۆیە |
| CM-Uh | دیبلۆم/ یاریدەدەری پزیشکی | ٢٠+ | ٢٠+ | سلێمانی |
| CM-Ah | بەکالۆریۆس/ کۆمەڵناسی | ٤ | ١٠ | سلێمانی |
| CM-Hc | بەکالۆریۆس/ زمانی ئینگلیزی | ٨ | ٨ | کەلار |
| CM-Ab | بەکالۆریۆس/ بیرکاری | ١ | ٣ | کەرکوک |
| CM-Os | بەکالۆریۆس/ کلینیکی دەروونی | ٤ | ١٠ | چەمچەماڵ |
| CM-As | بەکالۆریۆس/ دەروونزانی | ٤ | ٨ | قەڵادزە |

**خشتەی ژمارە ١٢: ئاستی خوێندن و ئەزموونی پێشینەی کارمەندان.**

دەکرێت لەڕێی خشتەی ١١ و ١٢ ئەو پەیوەندییە بدۆزرێتەوە لە نێوان بەڕێوەبەری کەیس و ئەو نیگەرانیانەی هەڵی دەسەنگێنن، بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم خشتانە هەر یەک لە کارمەندان پەیوەندییان لەگەڵدا ئەنجام دراوە لەڕێی دوو پرسیاری کراوەوە کە پێکهاتبوون لە:

١- وێنای تۆ چییە بۆ باشتربوونی سیستمی پاراستنی منداڵ لە ڕێکخراوەکاندا؟

٢- میتۆدی کارکردنی خۆت (تایبەت بە کارمەند) چییە لە کاتی بەڕێوەبردنی کەیسەکاندا؟

) گرفتی تەندروستی بەرزترین نیگەرانییەکانییەتی CM-Os(

لەگەڵ هەژاری تۆندی خێزان، ئەم ئاماڕە نیشانی دەدات کە منداڵی ئەم کۆمەڵگەیە زیاتر گرفتی ماددی و تەندروستییان هەیە.

) زۆرترین نیگەرانی کەیسەکانی لە چوارچێوەی CM-Al)

یاساشکێنی کردن و نەبوونی بەڵگەنامە کۆ دەبنەوە، ئەمیش دەکرێت هۆکاری ئەوەبێت لەم کۆمەڵگەیەدا یاساشکێنی زۆرە، لە هەمانکاتدا نەبوونی بەڵگەنامە گرفتێکی دیکەی گەورەی ئەم زۆرترین نیگەرانییەکانی CM-Ukکۆمەڵگەیەیە، هەروەها هەژاری تۆندی خێزان و فەرامۆشکردنە، کەمترینیشی ناڕەحەتی

| ستاف | و/پ١ | و/پ/٢ |
|---|---|---|
| CM-Ab | ١- بەڕێوەبردنی باش:<br>● زیادکردنی توانای کارمەند (ڕاهێنان، ئەزموون) و سیستمی پێشکەوتوو.<br>● بەهێزکردنی سیستمی هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکان.<br>● بەهێزکردنی سیستمی تۆمارکردنی کەیس. | ١- بەرەنگاربوونەوەی کارکردنی منداڵ و توندوتیژی بەرامبەریان.<br>٢- کارێکی زۆر وورد بکرێت بۆ نەمانی دیاردەی کاکردن وەک کولتوور. |
| CM-Os | ١- کارمەندی بەهێز پێویستی بە ژێرخانی بەهێزە تا بتوانێت گۆڕانکاری ئەنجام بدات، زانیاری باش.<br>٢- پاڵپشتی ماددی.<br>٣- پاڵپشتی ئەمنی کارمەند.<br>٤- هۆشیاری دەروونی و کۆمەڵایەتی کارمەند. | ١- هەستی ئارامی و متمانەی نێوان کەیس و بەڕێوەبەری کەیس.<br>٢- دڵنیاکردنەوەی کەیس لە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری کە کارمەند بتوانێت پێشکەشی بکات.<br>٣- پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی کەیس. |
| CM-As | ١- لایەنی ماددی + پەروەردەی خێزانی.<br>٢- هۆشیاری مامۆستا لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی گرفتدار.<br>٣- هۆشیاری خێزان لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر.<br>٤- پەیوەندی خێزان لەگەڵ مامۆستا. | ڕەفتاری خێزان و قوتابخانە لەگەڵ منداڵ (دروستکردنی ژینگەیەکی هاوبەش و سەلامەت بۆ بەلاڕێدا نەچوونی منداڵ) |
| CM-Ks | ١- دروستکردنی تیم بۆ زانیاری تەواو سەبارەت بە پێداویستی منداڵ.<br>٢- جەخت لەسەر گونجاوی یاسا. | ١- تەندروستی خێزان و پاڵپشتی باری ماددی خێزان.<br>٢- چارەسەر بۆ هەژاری. |
| CM-Al | پەروەردە + هۆشیاری خێزان بە چڕی. | کەرامەتی کەیس پارێزاو بێت لە سەروو هەموو شتێکە. |
| CM-Uk | ١- هۆشیاری خێزانی پێش وەچە خستنەوە.<br>٢- بەهێزکردنی متمانەی خێزان و منداڵ بە حکومەت و لایەنی ئەمنی.<br>٣- خوێندن ئیجباری بێت تا خوێندنی باڵا بۆ هۆشیاری تاک. | ١- سەلامەتی منداڵ.<br>٢- خێزانی بەهێز و بەختەوەر = تاکی دەروون سەلامەت و باش.<br>٣- بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک. |
| CM-Hk | ١- ڕوپێوی بۆ دۆزینەوەی کێشەکان. | ١- ناسینەوەی ژینگەی کەیسەکەم لە سەروو بیروبۆچوونی خۆمەوەیە. |

| | | |
|---|---|---|
| | ٢- چارەسەرکردنی گرفتەکان چەنێکیش بچوک بن.<br>٣- بە هەند وەرگرتنی هەموو کێشەکان. | ٢- پاراستنی ژیان و سەلامەتی کەیس لە سەروو هەموو شتێکەوەیە (دەروونی و تەندروستی) |
| CM-Uh | هۆشیاری دایک و باوک، بەهێزکردنی پاڵپشتی ماددی خێزان. | دەروونی باشتر واتە مرۆڤێکی بەهێز، ڕۆشنبیرکردنی خێزان لەڕووی بەڕێوەبردنی داهاتی خۆیان و پشتبەستن بە خۆیان. |
| CM-Ah | ١- بەهێزکردنی سێکتەری پەروەردە و دانانی هەموو کارمەندان لەم سێکتەرەدا. | ١- دووبارە بەهێزکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەیس.<br>٢- بە هەر جۆرێک بێت بەردەوامبێت لە پڕۆسەی گەڕانەوە بۆ خوێندن. |
| CM-Hc | ١- ئابووری ڕێکخراو یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی تیمی پاراستنی منداڵ و تایبەرکردنی کارەکانیان.<br>٢- ئەپەیتی ساڵانەی کارمەند لەڕووی ئەزموون نەک تەنها خول. | ١- بەرزکردنەوەی کوالێتی خێزان لەڕووی هۆشیاری پەیوەندیان بە یەکتر.<br>٢- ئیستیغلال نەکردنی منداڵ بە هیچ شێوەیەک:<br>● بۆ کار.<br>● گرفتی خێزانی<br>٣- ئارامگرتن |

دەرچووی دەروونزانی و کلینیکی دەروونی، کە متمانە لە بەها زۆرینەی کەیسەکانی گرفتی CM-Alخوازراوەکانە، هەروەها یاساییان هەیە، متمانە لەم ژینگانەدا گرنگە.

ئەم دوو کارمەندە لە پرسیاری یەکەمدا CM-Ah, CM-Uh هۆشیاری و پەروەردە بە هۆکاری سەرەکی دەزانن بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لەسەر ژیانی منداڵ لە کۆمەڵگەدا، هەردووکیان ڕێژەی کارکردنی منداڵ لە بەرزترین نیگەرانییەکانیانە، بە هەمان شێوە ناڕەحەتی دەروونیش بەرزترینە کە هەردووکیان گرفتی پەروەردەیی و هۆشیارین لە بنەچەوە، دەکرێت ئەم دوو وێنایە بۆ چارەسەر پاڵنەربێت بۆ بە گرنگزانینی ئەم نیگەرانیانە لای ئەم دوو کارمەندە.

### ٢-٨ شیکاری بەپێی مانگەکان:


ئەم شیکارییە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی ژمارەی کەیسەکان بەدرێژایی ساڵ و ناسینەوەی وەرزەکان یان ماوەکانی ڕێژەی کەیسی بەرز بەرامبەر بە مانگەکان.

**خشتەی ژمارە ١٣: وەڵامی کارمەندان بۆ پرسیاری کراوە.**

ئەم وەڵامانە کۆمەڵێ فاکتەری دیکەمان بۆ شیدەکاتەوە لە ئاستی کارمەندەکاندا کە چۆن میتۆدی بیرکردنەوەی خۆیان کار دەکاتە سەر کوالیتی کارەکانیان بۆ نموونە:
وەڵامەکانیان بۆ پرسیاری دووەم نزیکە کە CM-Hc, CM-Ab پێیان وایە بەرهەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ئیستیغلالکردن خراپترین دۆخەکان لە منداڵ دووردەکەنەوە، ئەم خەمی تاکەکەسییە دەکرێت پاڵنەری سەرەکی بێت لەوەی کە ئەم دوو کارمەندە زۆرینەی کەیسەکانیان لە ئاستی مەترسی بەرزدان، هەروەها پرسیاری یەکەم وەڵامیان نزیکە کە پێیان وایە سیستمی بەهێز و ئابووری بەهێز و کارمەندی کارامە دەکرێت کارەکان بە باشترین شێوە ڕاپەڕێنن.

ئەم دوو کارمەندە لە وەڵامی پرسیاری CM-Al, CM-Os دووەمدا ئارامی کەیس و متمانە بە گرنگ دەزانن، هەرچەند لەڕووی نیگەرانی کەیسەکانی کە کاریان لەسەر کردووە جیاوازن، دەکرێت ئەم بیروبۆچوونە بەهۆی پێشینەی خۆیان بێت وەک


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]




وێنەی ٧: شیکاری مانگانەی کەیسەکان.

هەمان کاتدا لە مانگی کانونی دووەم و شوباتدا خول بکرێتەوە و توانای کارمەندان بەرز بکرێتەوە.

**٢-٩ شیکاری بارکاری کارمەندان:**


بارکاری کارمەندان فاکتەرێکی گرنگە بۆ دڵنیابوون لە جۆرایەتی خزمەتگوزاری و توانای کارمەندان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان.

مانگی ئاب بە ٧٣ کەیس زۆرترین کەیسەکانی تێدا تۆمار کراوە، کە لەوانەیە بەهۆی وەرزی هاوین و نەبوونی خوێندنگە بێت. مانگی تشرینی دووەم بە ٦٩ کەیس لە پلەی دووەمدایە کە ئەمیان بە پێچەوانەوە کرانەوەی قوتابخانە و دەرکەوتنی گرفتی پەروەردەیی، و مانگی تەممووز بە ٦٢ کەیس لە پلەی سێیەمدایە. ئەم سێ مانگە زیاتر لە نیوەی کەیسەکان لەخۆدەگرن. مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات کەمترین کەیسەکانیان تێدا تۆمار کراوە (١٦ و ١٠ کەیس)، کە لەوانەیە بەهۆی دەستپێکردنی ساڵی نوێ و کەمتربوونی چالاکییەکان بێت. ئەم شیکارییە پیشانی دەدات کە پێویستە لە مانگەکانی هاوین و پایزدا کارمەندان ئامادەباش بن، لە

| ستاف | ژمارەی کەیس | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| CM-Al | ١٢١ | ٪٢٨.٠ |
| CM-Uh | ٧٤ | ٪١٧.١ |
| CM-Ks | ٦٦ | ٪١٥.٣ |

| | | |
|---|---|---|
| CM-Ah | ٥٧ | ٪١٣.٢ |
| CM-Ab | ٣٦ | ٪٨.٣ |
| CM-Hc | ٣٤ | ٪٧.٩ |
| CM-Os | ١٣ | ٪٣.٠ |
| CM-Uk | ١٣ | ٪٣.٠ |
| CM-Hk | ٩ | ٪٢.١ |
| CM-As | ٩ | ٪٢.١ |

خشتەی ٨: بارکاری کارمەندان.




لەخوارەوە، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری چری دانیشتوان لە پارێزگاکان.

جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان بارکاری کارمەنداندا، کە ئەمە کاریگەری لەسەر کوالێتی خزمەتگوزاری دەکات. پێویستە پەرە بدرێت بە هاوسەنگکردنی بارکاری کارمەندان و زیادکردنی توانای تیم بۆ دڵنیابوون لە کوالێتی کارەکان.

کارمەندانی ناو پارێزگا سەرەکییەکان زۆرترین ڕێژەی کەیسەکان (هەولێر) بە ١٢١ کەیس (٢٨.٠٪)CMLA بەرێوە دەبەن: زۆرترین کەیسەکانی هەیە، کە پیشانی دەدات باری کارەکەی (سلێمانی) بە ١٣١ کەیس CMHA و CMHUقورسە. (دهۆک) بە ٦٦ کەیس (١٥.٣٪) لە پلەکانی CMSA(٣٠.٣٪) و دواتردان. ئەم چوار کارمەندە زیاتر لە ٧٣٪ی کەیسەکان


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

**ئەنجامە سەرەکییەکان لە شیکاری داتاکاندا:**

- نزیکەی یەک لە چوار کەیس (٢٣.٤٪) لە ئاستی مەترسی بەرزدایە کە پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە.
- کەلار و قەڵادزە و کەرکوک بەرزترین ڕێژەی مەترسی بەرزیان هەیە بەرامبەر بە ڕێژەی گشتی کەیسەکانیان و پێویستیان بە سەرنجی تایبەت هەیە.
- منداڵانی نێر زیاترە ڕێژەی کەیسەکانیان، بەڵام منداڵانی مێ کۆی گشتی کەیسەکانیان کەمترە بە بەراورد بەڵام ئاستی مەترسییەکە زیاتر جدیترە.
- منداڵانی بچووک (٠-١٣ ساڵ) زیاتر لە مەترسیدان و پێویستیان بە پاراستنی تایبەت هەیە.
- ئاوارەکانی ناوخۆ بەرزترین ڕێژەی مەترسی بەریان هەیە (٣٢.٨٪).
- یاساشکێنی کردن و کارکردنی منداڵ زۆرترین نیگەرانیەکانن.
- مانگەکانی ئاب و تشرینی دووەم و تەممووز زۆرترین کەیسەکانیان تێدا تۆمار کراوە.
- نایەکسانی گەورە هەیە لە بارکاری کارمەنداندا.

پێشنیارەکان:

١. بەهێزکردنی سیستەمی پاراستن لە کەلار و قەڵادزە و کەرکوک بەهۆی بەرزی ڕێژەی مەترسی.
٢. دیزاینی بەرنامەی تایبەت بۆ پاراستنی منداڵانی بچووک (٠-١٣ ساڵ).
٣. پشتگیری زیاتر بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ بەهۆی بەرزی ڕێژەی مەترسی.
٤. بەهێزکردنی سیستەمی یاسایی بۆ کەمکردنەوەی یاساشکێنی کردن و کارکردنی منداڵ.
٥. زیادکردنی توانای تیم لە مانگەکانی هاوین و پایزدا.
٦. هاوسەنگکردنی بارکاری کارمەندان بۆ باشترکردنی جۆرایەتی خزمەتگوزاری.
٧. دروستکردنی بەرنامەی هۆشیاری بۆ کۆمەڵگە سەبارەت بە پاراستنی منداڵ.

**سەرچاوەکان:**


١. DuBois, B., & Miley, K. K. (2019). *Social Work: An Empowering Profession* (9th ed.). Pearson.

٢. Johnson, L. C., & Yanca, S. J. (2018). *Social Work Practice: A Generalist Approach* (13th ed.). Pearson.

٣. The Alliance for Child Protection in Humanitarian Action. (2019). *Minimum Standards for Child Protection in Humanitarian Action*. The Alliance for Child Protection in Humanitarian Action.

٤. The Alliance for Child Protection in Humanitarian Action. (2014). *Interagency Guidelines for Case Management and Child Protection*. The Alliance for Child Protection in Humanitarian Action.

٥. https://www.ksc-kcf.org/ckb/what-we-do/6/ پێشێنەیەک لەسەر منداڵپارێزی کوردستان و بەرنامەی پاراستنی منداڵ.

**summary**

This paper looks at the role of the social worker in reducing the level of child protection risks and concerns in CCP. The study emphasizes that the social worker plays a key role in identifying risks, assessing them, and developing plans to address .them

KCP and its social workers work to protect children through various child protection programs. Through identifying child protection concerns and case management, social workers can effectively identify and reduce risks using a basic and organized approach. The study also suggests that the organization needs to strengthen the capacity of social workers through training and professional development to improve child .protection services

This analytical study was prepared for data on child custody cases filed between December 2, .2025 and December 31, 2025

A total of 432 cases were recruited for analysis in this study which were recorded by 10 employees at 9 different sites. This analysis aims to provide a comprehensive picture of the child protection situation in the Kurdistan Region and identify key .risk criteria and concerns

The data suggests that the majority of cases are at intermediate risk level (46.06%), but a significant proportion of cases are at high level (23.38%) requiring immediate attention and treatment. Cases were mainly concentrated in Sulaimani and Erbil, with children in the 0-131 age group being more .prominent than those in the 14-17 age group

**Keywords**: social worker, child protection concerns, risk level, case management steps

**ملخص**

تتناول هذه الورقة البحثية دور الأخصائي الاجتماعي في الحد من مخاطر ومشاكل حماية الطفل في برامج حماية الطفل. وتؤكد الدراسة على الدور المحوري الذي يضطلع به الأخصائي الاجتماعي في تحديد المخاطر وتقييمها ووضع خطط لمعالجتها.

تعمل لجنة حماية الطفل في كردستان وأخصائيوها الاجتماعيون على حماية الأطفال من خلال برامج متنوعة لحماية الطفل. ومن خلال تحديد مشاكل حماية الطفل وإدارة الحالات، يستطيع الأخصائيون الاجتماعيون تحديد المخاطر والحد منها بفعالية باستخدام منهجية أساسية ومنظمة. كما تقترح الدراسة ضرورة تعزيز قدرات الأخصائيين الاجتماعيين من خلال التدريب والتطوير المهني لتحسين خدمات حماية الطفل.

أُعدّت هذه الدراسة التحليلية بالاستناد إلى بيانات قضايا حضانة الأطفال المسجلة بين 2 و31 ديسمبر/كانون الأول 2025.

تم اختيار 432 حالة للتحليل في هذه الدراسة، سُجلت من قِبل 10 موظفين في 9 مواقع مختلفة. ويهدف هذا التحليل إلى تقديم صورة شاملة عن وضع حماية الطفل في إقليم كردستان، وتحديد معايير ومشاكل المخاطر الرئيسية.

تشير البيانات إلى أن غالبية الحالات تقع ضمن مستوى الخطر المتوسط (46.06%)، بينما تشكل نسبة كبيرة منها مستوى الخطر المرتفع (23.38%)، ما يستدعي عناية وعلاجًا فوريين. وتركزت الحالات بشكل رئيسي في السليمانية وأربيل، حيث كان الأطفال في الفئة العمرية من 0 إلى 13 عامًا أكثر عددًا من الأطفال في الفئة العمرية من 14 إلى 17 عامًا.

**الكلمات المفتاحية:** أخصائي اجتماعي، مخاوف تتعلق بحماية الطفل، مستوى الخطر، خطوات إدارة الحالة

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12623]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]